## دیدارو سەردانەکانی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی YNDK

### ئامادەی ڕێورەسمی (١٢) دوانزەمین ساڵیادی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بوو

کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ٢٠٠٤/٦/٤ هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK بەیاوەری هەڤاڵ د.شاخەوان خالید– ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئامادەی ڕێورەسمی دوانزەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بوون کە لەپارکی هەولێر بەڕێوە دەچوو، ئەمەو لەلایەن بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانی بەگەرمی پێشوازی کران و هەڤاڵ سکرتێری گشتیی پیرۆزبایی YNDKی بەم بۆنەیەوە بە بەڕێزسەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان ڕاگەیاند.

### پێشوازی لەشاندێکی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان دەکات

ئێوارەی ٢٠٠٤/٦/٤ هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK بەئامادەبوونی هەڤاڵان (د.شاخەوان خالید– ئەندامی مەکتەبی سیاسی، عەبدوڵڵا عەدۆ– ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، عەبدوڵڵا ئەحمەد– ئەندامی م.ن. پەیوەندییەکان) لەبارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لەشاری هەولێر بەگەرمی پێشوازییان لەشاندێکی باڵای بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان کرد، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان شوکروڵڵا حەمەدەمین– سکرتێری بزووتنەوەو عومەر شاڵی– ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سەید ئەنوەر– ئەندامی کۆمیتەی باڵا). ئەمەو لەدیدارێکی برایانەدا گفتوگۆ لەسەر ڕەوشی سیاسی عێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی کرا. هەردوولا هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە نابووا کورد بەم شێوەیەی ئێستا لەحکومەتی ناوەندیدا بەشدار ببوا، لەتەوەرێکی تردا باس لەپێویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری کرا بۆ کوردستان کە ڕێژەکەی ١٪ بێت. هەروەها باس لەپتەو کردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەردوولا کرا.

### پێشوازی لە JULIE HUGHES بەڕێوەبەری ڕێکخراوی NDIی ئەمریکی کرد

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ٢٠٠٤/٦/٧ هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەنووسینگەی تایبەتی خۆیدا لەشاری هەولێر بەئامادەبوونی هەڤاڵان (ئاکۆ محەممەدو د.شاخەوان خالید– ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو قەهار تاهیر– ئەندامی سەرکردایەتی، ئەمیر ئیسماعیل) پێشوازی لەبەڕێز خاتوو (JULIE HUGHES) بەڕێوەبەری ڕێکخراوی NDIی ئەمریکی تایبەت بەهۆشیاری سیاسی لەبواری دیموکراسیدا کرد، لەدیدارەکەدا گفتوگۆ لەسەر بایەخدان بەهۆشیاری سیاسیو چەسپاندنی دیموکراسییەت لەکۆمەڵگای کوردستان کراو، بیروڕا لەسەر ئەوە گۆڕدرایەوە کەوا چۆن هێزو لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییەکان و تاکی کورد لەبیناکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا ڕۆڵیان هەبێت. هەردوولا YNDKو NDI هاوڕابوون کەوا لەم بوارەدا چەند کارێکی هاوبەش ئەنجام بدەن.

### سەردانی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێنی کرد

کاتژمێر ٧ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەڤاڵ سکرتێری گشتیی YNDK بەیاوەری هەڤاڵ د.شاخەوان خالید– ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن–یان لەشارۆچکەی عەنکاوەدا کردو؛ بەگەرمی لەلایەن بەڕێزان (ڕۆمیۆ هەکاری– سکرتێری حیزب و زادوق ئادەم و عامر حزیران و جرجیس یونان– ئەندامانی مەکتەبی سیاسی) پێشوازی کران، لەدیدارێکی هاوبەشی برایانەدا ڕەوشی سیاسی کوردستان و بە پەراوێز کردنی گەلی کوردستان لەحکومەتی ناوەندیدا گفتوگۆیان لەسەر کرا، هەروەها باس لەپتەوکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەردوولا کرا.

### لەگەڵ BANK کۆبۆوە

کاتژمێر ٩,٥ی سەرلەبەیانی ٢٠٠٤/٦/٨ هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەنووسینگەی تایبەتی خۆیدا لەشاری هەولێر لەگەڵ هەڤاڵان بەرپرس و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتی بزووتنەوەی ئافرەتانی نەتەوەیی کوردستان BANK کۆبۆوەو، لەکۆبوونەوەکەدا باس لەکارو چالاکی BANKو چۆنیەتی بەرەو پێشبردنی خەباتی BANK کرا، هەروەها بایەخدان بەڕۆڵی ئافرەت لەدامەزراوە مەدەنییەکاندا تەوەرێکی تری گفتوگۆکان بوو.

### پێشوازی لەسکرتێری بزووتنەوەی ڕزگاری دیموکراتی کوردستان کرد

پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٤/٦/١٠ هەڤاڵ سکرتێری گشتیی YNDK لەنووسینگەی تایبەتی خۆیدا لەشاری هەولێر پێشوازی لەبەڕێز (عەبدوڵڵا نازەنینی سکرتێری بزووتنەوەی ڕزگاری دیموکراتی کوردستان) کرد، لەدیدارەکە باس لەڕەوشی سیاسی کوردستان و پەیوەندی نێوان هەردوولا کرا.

### سەردانی د.عەبدوڵڵا ئاگرینی کرد

پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٤/٦/١٢ هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK بەیاوەری هەڤاڵ قەهار تاهیر– ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی سەردانی بەڕێز د.عەبدوڵڵا ئاگرین– ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی PDKی کرد لەنەخۆشخانەی کوردستانی تایبەت کە بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبێل بریندار ببوو، ئەمەو هەڤاڵ سکرتێری گشتیی هیوای ساغ و سەلامەتی و زوو چاکبوونەوەی بۆ بەڕێزیان خواست.

## لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا .. .. .. .. .. پ

سەرەتا حەیدەر فەیلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان ڕەخنەی ەپرۆژەی بڕیارەکەی پەرلەمان گرت. هەروەها گوتی: سەرکردایەتی کورد شەقامی کوردی تووشی خەیبەت ئەمەل کردو سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی بەهیچ شێوەیەك پرسیان بەمیللەت و حیزبەکان نەدەکرد کە تەنگاو دەبن ئینجا پرس بەحیزبەکان دەکەن. هەروەها حەمەی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ڕەخنەی لەپێکهاتەی حکومەتی عێراق و بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش و پرۆژە بڕیارەکەی پەرلەمان گرت، لەنێو هۆڵی پەرلەمانیشدا لەدیدارێکی تەلەفزیۆنی سەحەردا گوتی: پارتی و یەکێتی کەتووشی گرفت دەبن ئینجا پرس بەحیزبەکان دەکەن. هەروەها غەفوور مەخمووری سکرتێری YNDK بەڕاشکاوانە ڕەخنەی لەجۆری خۆ بەستنەوەی سەرکردایەتی کورد بەعێراقەوە گرت و گوتی: وەك بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەمجارە ڕیفراندۆمێکی شکلی وەك ئەو کاتیش لەکوردستان نەکرا کە ئایا گەلی کورد ڕازییە لەگەڵ عێراق بژی یان نا. هەروەها ڕەخنەی لەنوێنەرانی کورد گرت کە ڕێزگیرییان نەبوو بۆ ڕای خەڵك و بەشێوەیەکی زیاد نەرمیان لەبەردەم عەرەب دا نواند لەئەنجوومەنی حوکم، هەروەها گوتی بەڕای ئێمە ڕێگە چارە کشانەوەیە لە حکومەتی عێراق و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە. ئەگەریش بڕیاری نەکشانەوە بدەن ئەوا پێویستە لەبڕیاری پەرلەمان دا بگوترێ لەو قۆناغەدا ناکشێینەوە نەك بنووسرێ دەمێنینەوە بۆ ئەوەی مەجالی کشانەوە هەبێ لەداهاتوودا دەبێ ئەو هەڕەشەیە بکرێو ئەگەر لەماوەی ئەو ٦ مانگەدا هیچ شتێك بۆ کورد زامن نەبوو دەبێ بکشێینەوە.

هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا وێڕای چەند حیزبێکی دیکە حیزبە تورکمانیو ئاشووریو کلدانییەکانیش ڕەخنەیان لەپێکهاتەی حکومەتی کاتی گرت و گوتیان دەبووایە پارتیو یەکێتی ئەو ناهەقیەی بەرامبەر ئێمەیان قبوڵ نەکردبا.

## نەوشیروان مستەفا: ئەو گرەنتیانەی لەیاسای .. .. .. .. .. پ

زۆرینەو کەمینە لەعێراق دا پەیڕەو بکرێ ئێمە دەبینە کەمینەیەکی بچوك لەعێراق دا).

لەوەڵامی ئەو پرسیارەش دا کە ئایا هەڕەشەی خۆ کێشانەوە لەحکومەتی کاتی دەربڕی هەستی جودا خوازانەی کورد بووە، گوتی: (ئێمە ١٢ ساڵ بەبێ حوکمی مەرکەزی دەژیاین، پشتیوانی لەجیابوونەوە لەعێراق ناکەین و، زۆر جاریش لەماوەکانی ڕابردوودا جەختم لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بوونی کورد لەعێراق پێش ئەوەی لەبەرژەوەندی عەرەب دا بێ لەبەرژەوەندی کورد دایە بەمەرجێك هاووڵاتی کورد هەست نەکات هاووڵاتی پلە دووە. بۆچی مافی سەرۆکایەتی هەموو دەزگاو دەستەیەك بە عەرەب دەدرێ بەڵام ئەو مافە بەکورد نادرێ؟ وابزانم ئەوەی ڕوویدا زیان بە پێوەندی کورد و شیعە دەگەیێنێ). هەروەها مەترسی خۆی لەدەستکردنەوەی کورد بەشەڕ دژی حکومەتی مەرکەزی نیشانداو گوتی (ئەگەر ئەو عەقلیەتی ئێستا لەپێکهاتەی سەرکردایەتی عێراق دا بەردەوامبێ ئەوا کێشەی کورد جارێکی دیکە دەبێتەوە کێشەیەکی هەڕەشەدار بۆ عێراق).

## لە مەخموور.. . مامۆستایانی عەرەب چاودێری تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریا دەکەن

### ڕیپۆرتاژی/ پەروەر پالانی

دانانی چاودێرانی عەرەب لەبنکەکانی ئەزموونەکاندا نارەزایییەکی زۆرو گرفتێکی بەرچاو لای خوێندەڤانانی پۆلی سێیەمی ناوەندیو شەشەمی ئامادەیی دروست کرد تاکار گەیشتە ئەوەی هەندێ خوێندەڤان مان بگرن و نەچنە بنکەی ئەزموونەکان. بۆ بەدواداچوونی زیاتر پێویستمان زانی ئەم ڕیپۆرتاژە ئامادە بکەین..

سەرەتا خوێندەڤان (**ڕێبوار مەولود ئەحمەد**) پۆلی شەشەمی زانستی لەدواناوەندی ئێواران وتی (کێشەکان لەوەوە چەکەرەیان کرد کە پەروەردەی مەخموور لەسەرەتای خوێندنمان نەیتوانی مامۆستامان بۆ دابین بکات.. ئێستاش بنکەی ئەزموونەکان توندەکات)، هەر لەبنکەی ئەزموونی قەراج لەمەخموور خوێندەڤان (**سازان نەعمان قادر**) لەپۆلی شەشەمی زانستی لەوەڵامی پرسیارێکمان وتی (دەبوایە مامۆستای کورد دابنێن بەچاودێر نەك عەرەب، ئەوان ناتوانن پرسیارەکانمان بۆ بخوێننەوە)..

(**سعود خدر**) لەپۆلی سێیەمی ناوەندی ئێواران وتی (پرسیارەکان زۆر گرانن لەگەڵ ئاستی خوێندنی ئێمەدا یەکانگیر نابێتەوە، چونکە ئێمە لەسەرەتای ساڵەوە خوێندنمان نەبووە)، هەروەها لەوانەی ئایین پرسیارێك هاتبوو کە لەمەنهەجی ئێمەدا نەبووە)، خوێندەڤان (**بەختیار عەبدولکەریم**)ی پۆلی سێیەمی ناوەندی ئێواران لەبنکەی بازارگە لەئەنجامی پرسیارێکمان دا وتی: (دانانی مامۆستای عەرەب وەك چاودێر لەسەرمان ئەمە بەدرێژەدان بەسیاسەتی بەعەرەبکردن دادەنێم کە لەلایەن پەروەردەی موسڵەوە کاری بۆ دەکرێ)

هەروەها وتی (ئێمە کێشەمان دروست نەکردووە بەڵکو پۆلیس وەڵامی پرسیارەکانیان دەهێنایە ژوورەوەو بۆ تاکە کەسیش دەهات، ئێستاکەش ئەو پۆلیسانەیان هێناوە زۆر شتی ناشیرینمان لەگەڵ ئەنجام دەدەن تاوەکو قایشی پانتۆڵیان پێ کردوینەتەوە)، هەروەها هەردوو خوێندەڤان (**هێرو مەغدیدو نەمام عەبدولکەریم**) لەپۆلی سێیەمی ناوەندی کچان گوتیان (ئێمە دانانی چاودێری ئەزموونەکان کە عەرەب دانراون بەڕەوا نازانین، دەڵێن تەعریب نەماوە ئەی دانانی ئەو چاودێرە عەرەبانە لەپەروەردەی موسڵ مانای چییە، هەروەها سەبارەت بەپرسیارەکانیش کە زۆر گرانن لەئاستی خوێندەڤانی ئێرەدا نییە چونکە ئێمە یەکەم ساڵە کەوا بەکوردی دەخوێنین هەندێ ڕێنوسی کوردییان تەواو نییە)..

دوا بەدوای تەواوبوونی ئەزموونێك لەئەزموونەکان چووینە بنکەی ئەزموونی قەراج و لەوێش چاومان کەوت بە مامۆستا (**فرسەت ئەحمەد ئیسماعیل**) لەبنکەکە کە تاکە مامۆستای کوردە وتی: (دەبوایە ڕێکەوتنێك لەنێوان پەروەردەی هەولێر و موسڵ هەبێ چۆن پرسیارەکان لەهەولێرەوە دێت ئەوهاش مامۆستای کوردی چاودێر لەهەولێرەوە دابنرابا، بۆ ئەم مەبەستە، ئێستاکەش مامۆستای پسپۆری تایبەت لەهەولێرەوە دێن بۆ خوێندنەوەی پرسیارەکان) هەر لەمیانەی چاوپێکەوتنەکەمان چاومان کەوت بە (**عەتیە سالح سەبر**) **بەڕێوەبەری بنکەی ئەزموونی قەراج** کە بەڕێوەبەری خوێندنگای (العدالە)یە لەگوندی (خرائب جبر) و بەرەگەز عەرەبە لەئەنجامی چەند پرسیارێکمان وتی (دانانی ئێمە بەچاودێر لەو بنکانە بەڕەوا دەزانم لەبەر ئەوەی ئیدارەی مەخموور

سەر بەموسڵەو لەپەروەردەی موسڵ ئەو مامۆستا عەرەبانەیان داناوە بەچاودێر) هەروەها وتی (بێجگە لەوەی لەلایەن قوتابیانەوە هەڕەشەمان لێ دەکرێو نارەزایی دەردەبڕن بەڵکو پۆلیس و ئاسایشی مەخموریش زیاتر کێشەیان دروست دەکرد لەقوتابیەکان زیاتر، دەهاتنە ناو بنکەی ئەزموونەکان و قۆپییەیان دەهێنایە ناو بنکەی ئەزموونەکان، بۆیە لەهەولێرەوە هێزی پۆلیس هێنرا بنکەکان) لەدواییدا چاومان بە بەڕێز (**بەهرام ئیسماعیل حەسەن**)ی **بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور** سەبارەت بەو گرفتانەی کەهاتوونەتە پێش وتی: (ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی موسڵ پێك هاتین لەسەرەتادا کە ئەوان سەرپەرشتی خوێندن بەزمانی عەرەبی بکەن و ئێمەش سەرپەرشتی خوێندن بەزمانی کوردی بکەین، بەڵام بەداخەوە دیاربوو هەردوو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم و پەروەردەی موسڵ ڕێککەوتن کە موسڵ سەرپەرشتی ئەزموونە کۆتاییەکان بکات) هەروەها سەبارەت بەوەی کە پرسیارەکان لەکوێوەدێن وتی: (پرسیارەکان و پشکنینی دەفتەرەکانیش لەهەولێر دانراون)، سەبارەت بە چاودێرییە عەرەبەکانیش وتی: (دانانی ئەو مامۆستا عەرەبانە وەك سیاسەتێکی نوێی بەعەرەبکردن دەبینم لەوە من پشتگیری لەقوتابیان دەکەم، بەڵام لەمەخموور چەند دواناوەندییەك هەیەو نابێ مامۆستای قوتابی خۆی ببێ بەچاودێری بۆیە ئێرەش سەر بەموسڵە مامۆستای گوندە عەرەبەکانیان داناوە بەچاودێر).. سەبارەت بەو کێشەو گرفتانەی دروست بوون وتی (سەرەتای ئەزموونەکان کێشەمان هەبووە لەسەر خوێندنەوەی پرسیارەکان کە بەزمانی

کوردی بوون، بەڵام ئێستاکە مامۆستای پسپۆر لەهەولێرەوە دێن بۆ خوێندنەوەی پرسیارەکان) هەروەها وتی: (هەموو قوتابییەکانی بنکەکان ئاژاوەیان نەناوەتەوە بەڵکو چەند کەسانێك ئاژاوەیان ناوەتەوە، ئەوانەی کە هەڵساون بە تەزویرکردنی بڕوانامەو زۆریان بڕوانامەی شەشی سەرەتاییان نیە ئێستا وا لەبنکەی تاقیکردنەوە دانیشتوون کە گوایە شەشەمی زانستی یا ئەدەبین) لەوەڵامی ئەو پرسیارەش ئایا ئێوە کە ئاگادارن ئەی چی بۆ ئەم مەسەلەیە کراوە؟ وتی (بەڵێ ئێمە ئاگادارین (٢٢) کەس لەوانە بڕوانامەی ساختەیان هێناوە لەسنووری پەروەردەی سەلاحەددین (تکریت) و سلێمانیو هەولێر و ئەزموونەکانی پەروەردەمان ئاگادار کردۆتەوە لەو مەسەلەیە بەدواداچوونی تیا دەکەین) هەروەها وتی (زۆر بوختانیان بۆ هەڵبەستام بۆ ئەمەش یاسا هەیەو دەتوانرێ لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێ تاراستیەکانی ڕوون ببنەوە. سەبارەت بە پۆلیسی مەخموریش کە هەندێکیان وەڵامیان بردۆتە ژووری وتی (لەو کێشانەش پۆلیسێکی مەخموور دەستی هەبووە لەهێنانە ژوورەوەی وەڵام) هەروەها وتی: (قوتابیانی ئێوارانی عەرەبی نەهاتوونە دەوامی ڕۆژانەیان و ئێستاش زۆر بێ شەرمانە دەڵێن دەبێ پێمان بڵێن و قۆپییەش دەکەین) سەبارەت بەوەی پرسیار هاتووە کە لەمەنهەجی خوێندنی خوێندەڤاناندا نەبووە وتی: (بەڵێ لەپۆلی سێیەم لەوانەی ئایینیدا ئەو کێشە هەبوو هەروەها پۆلی شەشەمیش کەواپرسیاری وێژەیی درابووە قوتابی زانستی بەمەش کاتژمێرێك لەکاتیان بەسەرچوو بوو).

## هەرێمی سۆران

### بەرپرسی لقی ١٠ی PDK سەردانی هەرێمی سۆرانی YNDK دەکات

* ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/٩ شاندێکی لقی ١٠ی PDK کەپێکهاتبوو لەبەڕێزان: (عومەر عوسمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی لقی ١٠و عەبدولرەحمان ملا ڕەسول و قادر حەسەن و ئازاد سرێشمەیی کارگێڕانی لق و کوێستان ئەحمەدو ئازاد مەلا عومەر ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان سەردانی هەرێمی سۆرانی NDK یان کردوو زۆر بەگەرمی لەلایەن سەرپەرشتیارو بەرپرس و کارگێڕو ئەندامانی هەرێمی سۆران پێشوازیان لێکرا لەدانیشتنەکەدا باس لەپەیوەندی برایانەی نێوان هەردوولاو ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان کرا.

## هەرێمی قەرەچووغ

### کۆمیتەی مەخمووری PUK سەردانی هەرێمی قەرەچووغی YNDK دەکات

سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٠، شاندێکی کۆمیتەی ڕێکخستنی مەخمووری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەسەرپەرشتی (م.ئەبوبەکر عومەر دەروێش) بەرپرسی کۆمیتەو،

## دیدارو چالاکییەکانی YNDK

بەیاوەری کارگێڕو ئەندامانی کۆمیتە، سەردانی بارەگای هەرێمی قەرەچووغی YNDK کرد، لەلایەن هەڤاڵان بەرپرس و کارگێڕو ئەندامانی هەرێم پێشوازی کران، ئەمەو لەدانیشتنێکی دۆستانەدا، پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا لەسەر ئاستی دەڤەرەکە جەختی لەسەر کرایەوەو پاشان هاوکاریو هەماهەنگی زیاتری نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەدەڤەرەکەدا تەوەرێکی دانیشتنەکە بوو.

### چالاکییەکانی نوێنەری YNDK لەهۆڵەندا

* فەخرەدین زیارەتی– نوێنەری YNDK لەهۆڵەندا، بەبۆنەی کوژرانی سەربازێکی هۆڵەندیو برینداربوونی یەکێکی تر لەعێراق بەدەستی تیرۆریستان، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/٥/١٢ بەئیمەیل پرسەو سەرەخۆشی بەناوی YNDK لەحکومەتی هۆڵەنداو ژمارەیەك لایەنی سیاسی نێو پەرلەمانی هۆڵەندی کرد، لایەنە سیاسیەکانی نێو پەرلەمانی هۆڵەندی کرد کە بریتیبوون لە (SP و GROENLINKSو LPFو D66و VVDو PVDenAو CDA) لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە سوپاسی YNDK کرا.

* لەسەر بانگهێشتی هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهۆڵەندا، کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/١٩، فەخرەدین زیارەتی– نوێنەری YNDK لەهۆڵەندا، چاویان کەوت بەجان مارینوس– ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپاو جێگری سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتەکانی ئەورووپا، لەدانیشتنێکدا کە زیاتر لەیەك کاتژمێری خایاند کۆمەڵێك پرس کە پەیوەندییان بەڕەوشی کوردستان و عێراقەوە هەبوو گفتوگۆیان لەسەر کرا، بەڕێز جان مارینوس– پشتگیری لەخەباتی کورد و مافە ڕەواکانی لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا کرد، لەهەمان کاتدا خۆشحاڵی خۆی بۆ ئارامی باری ئاسایشی باشووری کوردستان دەربڕی، لەئاکامی گفتوگۆکاندا نوێنەری YNDK دوو

پرسیاری ئاراستەی بەڕێز جان مارینوس کرد، پرسیارەکانیش بریتیبوون لە (ئایا لەدوای چەسپاندنی فیدراڵی بۆ کورد، ئەگەر کورد داوای سەربەخۆی کرد ئێوە هەڵوێستتان چی دەبێ؟ پرسیارەکەی تر: ئایا لەداهاتوو وای دەبینن کە کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی؟، بەڕێزیان زۆر بەکورتیو بەنازانم وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

* کاتژمێر ١ی نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/٢٢ نوێنەری YNDK لەهۆڵەندا، بەشداری خۆپێشاندانێکی دوو هەزار کەسی بوو کەپێکهاتبوو لەڕەڤەندی کورد لەهۆڵەنداو ژمارەیەك خەڵکی ئازادیخوازی هۆڵەنداو بیانی، خۆپێشاندانەکە لەدژی بڕیاری بەدەستەوە دانی ئافرەتی کورد (نوورییە کەسبیر) بوو کەحکومەتی هۆڵەندا نیازی وابوو بیداتەوە دەست دەوڵەتی تورکیا، لەم خۆپێشاندانە کەخاڵی کۆتایی خۆ پێشاندەران Central Station Holland بوو کۆمەڵێك وتارو دروشمی نارەزایی خوێندرانەوە.

## پرۆژەی دروستکردنی (گڵکۆی پێشمەرگەی نەناسراو)

بۆ بەڕێزان. . .
جەماوەری کوردستان
پەرلەمانی کوردستان
حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی (سلێمانیو هەولێر)
هەموو پارتە کوردستانیەکان
هەموو ئەو کەسانەی پێشمەرگەیان لاپیرۆزە

زۆربەی گەلانی جیهان و بەتایبەتی ئەوانەی کە خاوەنی شۆڕش و خەبات بوون و، لەڕێگەی ئازادیدا گیانیان بەخشیوە؛ هەمیشە لەناخ و هەستیاندا، بەپیرۆزی تەماشای شۆڕشگێڕەکان دەکەن. یادیان دەکەنەوەو ڕۆژی پشووی تایبەت بۆ ڕووداوە گرنگەکان تەرخان دەکەن و، زۆر جاریش، ڕۆمان و فیلم و کاری هونەریی گەورە لەبارەیانەوە بەرهەم دێنن. ئەمانە هەمووی لەڕووی وەفاو هەستی پێزانینەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە گیانی خۆیانیان بەخشیو شەهید بوون، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە لەژیاندا ماون. بەڵام ئەوەی لەڕووی ڕەسمیەوە دەکرێت؛ دروستکردنی (گڵکۆی سەربازی ون)ە، کە دەبێتە سیمبولێك بۆ پێناسەکردنی خەبات.

نەتەوەی کورد بەگشتیو گەلی باشووری کوردستان بەتایبەتی، هەمیشە لەخەبات و تێکۆشاندا بوون بۆ ئازادیو سەرفرازی. لەو پێناوەشدا زۆر ڕۆڵەی ئازاو شۆڕشگێڕیان کردۆتە قوربانی ئەو ڕێگەیە.

پێشمەرگە، ئەو مرۆڤە فیداکارەیە کە هەمیشەو بەدرێژایی خەباتی شۆڕش، خۆیی کردۆتە پرۆژەی شەهیدبوون و، هەردەم لە پێش..مەرگەوە بووە تابووەتە جوانترین و خۆشەویسترین سیمبولی سەربەستی لەدڵی جەماوەردا. لەهەمانکاتیشدا وەك بەورێکی ئەفسانەیی دوژمنانی تۆقاندووە. جاکەپێشمەرگە ئەو مرۆڤە خۆشەویستە بێت کە خوێنی خۆی کردبێتە خەڵاتی سەرکەوتن، ئەرکی هەمووانە کە پاداشت و وەفای بدەینەوەو هەربە پیرۆزی بیهێڵینەوە. بۆیە پێویستە وەك ڕێزلێگرتن لە شەهیدەکان و لەوانەش کە لەژیاندا ماون؛ بەجوانترین شێوەو لەچاکترین جێگەدا یادگارییەکیان بۆ دروستبکرێت و ناوی بنرێت (گڵکۆی پێشمەرگەی نەناسراو). گرنگی ئەم پرۆژەیە لەوەدایە کە لەلایەکەوە ناوی پێشمەرگە بەپیرۆزی دەهێڵێتەوەو لەترسی بیرچوونەوە دەیپارێزێت، لەلایەکی تریشەوە وەك دامەزراوێکی ڕەسمی، دەبێتە جێی سەردانی ئەو وەفدو نوێنەرانەی کە سەردانی کوردستان دەکەن و تاجە گوڵینەی لەسەر دادەنێن. ئەمەش سەرکەوتنێکی تری ناوی پێشمەرگە دەبێت و خەباتی گەلەکەشمان بەتۆمارکراوی دەپارێزێت.

بۆیە داواکارم لە لێپرسراوان کە گرنگی بدەن بەو کارە، هەروەها دەبێت هاوڕێیانی پێشمەرگەکەش هەوڵی خۆیان بدەن بۆ سەرگرتنی پرۆژەیەکی وەها تا مێژووی پڕ سەروەرییان تۆماربکات. ڕۆڵی هونەرمەندانی شێوەکاریش گرنگە تا جوانترین جۆری کلێشە دروست بکەن بۆ ئەو کارە.

باهەمووان لەئاستی بەرپرسیاریدا بین بەرانبەر بەخوێنی شەهیدان و، لەسەرووی هەموانیشەوە کاربەدەستانی وڵات. ئازاو ژیر ئەو کەسەیە کە زوو ئەم کارە بەئەنجام دەگەیەنێت، تا سەروەری بۆ خۆی تۆماربکات.

**شاهۆ تۆفیق– ئەڵمانیا**

## CPA نامێنێو تەنیا ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان .. .. .. .. پ

لەماوەی دەسەڵاتی حکومەتی کاتی عێراق تاوەکو ٢٠٠٥/١/٣١ ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان لەوەزارەت و پارێزگاکان دا دەمێننەوە. هێزەکانی هاوپەیمانانیش بەپێی ڕێککەوتن دەمێننەوە.

## لەدادگای ئەوروپا: کۆنە پارێزەری نێلسون ماندێلا .. .. .. .. پ

لەهەمانکاتدا گوتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە. پارێزەرانی ۆجەلانیش داوایان کرد دادگایەکی عادیلانەی ئۆجەلان بکرێو وەك خەباتکارێکی سیاسی تەماشابکرێو هەروەها داوایانکرد کەهێڵێکی تەلەفۆن و تەلەفزیۆن بۆ ئۆجەلان لەزیندانەکەیدا دابین بکرێ.

## عیسمەت شەریف وانلیو د.جەبار قادر ئیستیقالەیان .. .. .. .. پ

شایانی باسە دوای ئەوەی PKK لە KADEK وە ناوی خۆی کردە کۆنگرەی گەل و ژمارەیەك لەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری KNK بەبێ ئاگادار کردنەوەی KNK بوونە ئەندامی سەرکردایەتی کۆنگرەی گەل و زوبێر ئایداری جێگری پێشووی سەرۆکی KNK بووە سەرۆکی کۆنگرەی گەل، زۆرجار داوا دەکرا KNK بچێتە ناو کۆنگرەی گەل. هەروەها دوای ماوەیەك لەدامەزراندنی KNK زۆربەی کەسایەتییە سەربەخۆکان و حیزبەکانی کوردستان لە KNK کشانەوە.

## بەهۆی بەستنی ئاڵای کوردستان .. .. .. .. .. پ

ەلایەن بەڕێوەبەرو ئەفسەرە عەرەبەکانی پۆلیسی مەخموور ئاگادار کراینەوە کەنابێ ئاڵای کوردستان ببەستن و دەبێ ئاڵای ڕژێمی پێشوو ببەستن، ئێمەش ئەوەمان ڕەتکردەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەشێوەیەکی کاتی لەپۆلیسی مەخموور دامەزراوین پێج مانگ بوو بڕی ٦٠ دۆلارمان وەردەگرت و بڕیاربوو دوای شەش مانگ بەشێوەیەکی ڕەسمی و تەواو امەزرێین، کەچی لەو مانگەدا موقەدەم عەبدولقادر هەرکی بەڕێوەبەری پۆلیسی مەخموور ئەمری فەسڵکردنمانی لەموسڵ هێناوەتەوە).

## هەوڵی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب .. .. .. .. پ

دەکەن لەئەندامی بەشدارەوە بۆ ئەندامی کارا. هەروەها دەربارەی بڕیاری یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبیش دژ بە ئەندامێتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە Fljدا گوتی ئەوە پەیوەندی بەوانەوە نییەو ناتوانن تەدەخول لەوەدا بکەن و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب هەر ئەندام نییە لە Flj و ئەو مەسەلە هەر لەبیر خۆتان ببەنەوە.

شایانی باسە لەکاتی بەستنی کۆنگرەدا ٢٠٠ ڕۆژنامەنووس و نووسەرو ڕۆشنبیری کورد و عەرەب و ئاشوری نارەزایینامەیەکیان دژی بڕیاری یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بڵاو کردەوەو (عبداللە صائغ) ئیستیقالەی خۆی لەو یەکێتییە ڕاگەیاند.

## زێڕە. . . شێخ یاوەر زێڕە.. .. .. .. .. پ

ەوانەی سەرەوە بەشێك لەو خێرو بێرانەن کە شێخ لەگەڵ هیجرەتیدا لەبادیەوە بۆ کەناری ژێ، بۆ ئێمەی کوردی بەدیاری هێناوە، ئەم دەسکەوتانە هێندە بەنرخن کە سەدەیەکە ئێمە خەونی پێوە دەبینین، ئەو خێراتانە هەر تەنها لەدڵئاواییو کەرامەتی برا چاوڕەشەکانمان دەوەشێتەوەو لەهیچ کەس نا. دەبا ئێمەش تا زووە دەسپێشخەری بکەین و پێش ئەوەی بەسەرماندا بسەپێنرێت و ترس پاڵمان پێوە بنێت با بەخۆشی خۆمان و خۆ بەخشانە بکەوینە وێنەی سەرۆك هەڵواسین و سروودی "شێخ یاوەر زێڕە" بڵێین.